# نیشتمان و شۆرەسواری چاونەترس

مکرم رشید تالەبانی



لە ئامێزی نیشتماندا ،
چاوی کالم لێ‌هەڵهێناو بەروەردە بووم ..
هەوای پاکیم تێر هەڵمژی
ئاوی کانی‌و رووبارم تێر خواردەوە
بەسەر خاکی پیرۆزی‌دا
هەنگاوم نا ..
تیشکی خۆری سەر چیاکان
هێزو ووزەی نەبڕاویان
بە دەست‌و چۆک‌و بازووم دا
بەروەردە بووم
لە ئەوینی نیشتماندا
بە ڕۆدا چووم
بوو بە تین‌و خۆشەویستی
لە دەمارو ئێسقانمدا !

● × ●

ئەی نیشتمان ..
نیشتمانی دارەخورما ،
نیشتمانی کەژو چیا ،
نیشتمانی کانی‌ی ئاوو دەشت‌و دەریا ،
ناحەزانت ..
لە ژێر قاچی شۆرەسواردا ،
شۆرەسواری نیشتمانی ئازادیخوا ،
شۆرەسواری چاونەترسی زۆر دڵنیا ،
پان دەبنەوە ..
دەبنە تۆزی خۆراکی با ،
بۆ هەمیشە دەسڕێنەوە !!
ئەی نیشتمان ..
پیاوەکانی بەرەی جەنگت ،
پیاوەکانی زۆر بەجەرگت ،
ترس‌و تۆقین ..
دانەچۆتەو پەنجە لەرزین
لەبیر دەکەن !
بەسەر لاشەی دوژمناندا
بەسەر تەرمی ناحەزاندا
بەسەر تانک‌و زرێپۆش‌و نارنجۆک‌و
تۆپخانەدا .. سەد باز دەدەن !
بێ‌ترس‌و لەسەرز
بەرەو ئامانج ..
هەنگاوی قورس دەهاوێژن
مردنی ڕەش دەسووتێنن
وەک میدالیا
سەرکەوتنی مەزن‌و پیرۆز
دەکەنە مل !
بۆ چاوی تۆ .. بۆ ناوی تۆ
دەیکەنە گوڵ !
ئاواتی تۆ .. ئاواتی گەل ..
وەدی‌دێنن .. وەدی‌دێنن !!



# بەرەو موحەمەرە

ئەی کوڕی شیرینی دایە !
ئەم موچە نانە هەڵگرەو
تویشوی ڕوات بـا لەپشت بێ
وەک چــۆن « قەسر »
خۆی کردە بوک
بۆکی تریش چاوەڕوانتە
کوڕی دایە !
ئازادی ڕاست
لەدەستی ئێوەدایە
چونکە بەلی فڕۆکەیەکتان
بە دەستەوەیە
خوم گەرێنی دەسڕێتەوە
گەلانی ئازادی خوازی
ئێران ..
لەنــاو کۆشی سپی
عێراقانەی خۆیــا
دەشواتەوە
گەلانی ئازادی خوازی
ئێران
عەزرەت‌مەندی ئەو کۆشەی تۆن !
عەزرەت‌مەندی
ئەو دڵەی تۆن !

● هاوار ●

# دایک و کوڕ

ازاد امین باغەوان



دایک بەگشتی هۆش‌و گیانی
گەورەی دەکا کۆرپەکانی
پێش‌کەش دەکا بەنیشتمانی
بۆ پاراستنی وولات جوانــی
کە دایک دەڵێ‌ی کۆرپەی نازدارم
سەرم بڵندکە لای کەس‌و کارم
خۆت بدە بەکوشت لـە لەئاستی ڕاستی
تاکوو وەری‌گرین ماف‌و سەربەستی
خاک‌و وولاتمان هەمووی سووتاوە
بە بۆمبای « فارس » خاپور کراوە
کوڕ تا هێزی بوو وولامی داوە
ئەگەر لاشەکەم ورد ورد کراوە
ئەجەنگم دژی دوژمنی خاکم
لە بۆمبای « فارس » هیچ نیە باکم
ئێستاش سەربازی خاک‌و وولاتم
سەر بەستی گەلە هەموو ئاواتم
خاکی وولاتمان بەخوێـــن پاـوور بێ
بەڵام داگیرکەر ، لە خاکمان دوور بێ

# دواسپاردەی شەهیدێک

سیعری : کمال ناصر
وەرگێرانی : ڤیان

ئازیزەکەم ..!
گەر خەبەری منت پێ‌گەیشت
لەوکاتــەی تەنیا دانیشــــتبووی
کوڕەتاقانەکەمت ئەلاوانــدەوەو
چاوەنۆڕی ژوانەکەمان بوویت ،
نەکەی بگرییت ،
چونکە من ناگەڕێمــەوە ،
گیانی خۆم بەخشیرەتە وڵاتەکەم

● × ●

ئازیزەکەم .. !
گەر خەبەری منت پێ‌گەیشت
سەردولکەبێژەکەیش ووتی :
« ئەڵێن ئــەو پیاوە دڵدارو وەفادارە کــوژرا ،
شیلەی گوڵاوەکانیش ، لەنێو کاسەوکیفی گوڵاندا خەوتن ..!
نەکەی بگرییت ،
بەزەردەخەنەوە . ڕووبەڕوی ژیان بەرەوە
بەکوڕەتاقانەو دڵۆڤانەکەم بڵێ :
خەونەکانی گــەل ، دڵی باوکتیان ڕۆشن کــردەوە
بیرەکانی گەل ، ڕێگای بۆ تەخت کرد ..
جەوری ستەمکارانــی بینی : بوو بە شۆڕشگێڕ
تا شەهیدکرا ..
هەمو شەهیدێکیش خواوەندێکە .
باوکت بەرەو لوتکە ، ڕێگەی گرتەبەر
ڕەنگێکی کەی ، بەخشیە مانای نوێژ
سروشانێکی کەی ، داهێنا :
تا بوو بە خەباتگێڕو شەهیداکرا ،
چاوەکانیشی ، چارەنوسی پاشەڕۆژی دەهەژاند .

● × ●

ئازیزەکەم .. !
گەر خەبەری منت پێ‌گەیشت‌و نیگەران بوویت
ژنانانت ، ڕەنگیان پەڕی
ڕەنگت وەکو مانگ ، زەرد هەڵگەڕا :
نەکەی بەردەوام بێت ،
نەکەی بکەی ئەسر ، لە کانیاوی گلێنەکانت بخواتەوە
چونکە من پێ‌ی زویر ئەبم ..
بە کوڕەتاقانەو دڵۆڤانەکەم بڵێ :
باوکت مانای ژیانی درکاندو
دڵی بۆ برینی فیداکاری ، کەوتە لێدان ،
هیچیشی لەم ماڵەدا ،
بۆ من جێ‌نەهێشت ، تەنیا :
سرودێک‌و لاشەی ئاوازێک نەبێ ...
پێ‌ی بڵێ :
گەر هات‌و بیری کردم‌و هاتە سەرگۆڕم ،
ڕۆژێ لەرۆژان ئەگەڕێمەوە لای ،
تا بەری بۆ برنم‌و گوڵی بۆ بچنم .. !!



# دەستی لەرە خوازی



کە دەستی هەق ... دەستی هێز ...
هاتە مەیدانی تولە سەندن ...
توانای ناهەق ، بێ‌هێز دەبێت‌و ...
نوچ دەدا ...
کە بازووی هەق کەوتە کارو ...
هێزی خۆی بەرووی ناهەقیدا جولاندەوە ..
تاریکی ڕادەکات‌و .. ڕووناکی لــە
بەش خوراو هەڵدێ‌و ...
زۆردارەکان ، بێ‌هێز دەبن‌و ڕادەکەن ..

● × ●

ئەم وڵاتە ، وڵاتی خێرو برایەتی
وڵاتی کوردو عەرەب ، بازووی هەق کەوتە کارو
کێشای بەسەر سەری هێزی تاریکی‌و
تاریکی ڕای کردو .... ڕادەکا ..
ئەی وڵاتی خۆشەویستی‌و دایکی مرۆڤی هەق خوازی
نەوەکانت جارێک‌و تر هەی خوازی خۆیان چەسپاند
بۆ دەیان جار ...
هێزی ناهەقیان بەزاند ..

سەرباز